روانین

غەمگین بۆڵی

# دەسەڵاتی زمانی شاعیر لە ئاوێتەبوونی شیعرییەت



شیعر گریمانەی دیوی شاراوەی زەمەنێکی ترە، دەشێت روو بدات و دەشێت روو نەدات لەم زەمەنە وەهمە میتۆلۆجیەتییەدا، شیعر مومکین نییە هەمیشە داینەمۆی وەرچەرخانی کۆمەڵگە بێت، وەلێ رەنگە جموجۆڵێکی ورێنەئامێز بکات، شاعیربوون، بەر لە هەموو شتێک "واتە مرۆبوون" بەو واتایەی کە شاعیرگەلێک تەنیا لە کاتی نووسینی شیعردا شاعیرن، شاعیری راستەقینە هەمیشە شاعیرە، جوداوازتر تێ دەفکرێت و دەنووسێت، جوایەز کۆلارەی ئایدیا سپێلنێزمی بە ئاسمانی لیبراڵییەتدا هەڵدەدات، جیاواز دەژی و خۆی لە تەواوی راستەقینە باوەکان رووت دەکاتەوە و خۆی ئامادە دەکات بۆ "خود"ێکی سپێلنێزم، چۆن شاعیری بێ ئەم ئامانژگەلەیە نەبوونی شیاوترە و چەشنی گوێزی کرۆکی پووچەڵگەرییە.

زمانی شاعیر ئاوێنەی روحی شاعیرە، تەنانەت باکگراوندە فرە رەهەندەکان و وێنە فرە ئێستاتیکییەکان لە خەونە فانتازیاکانی شاعیرەوە دێنە وجوود، وجوودێک کە زۆر جار

بەرهەمێکی کاڵ و سادەی لێ دەکەوێتەوە، دەرناچێت لەو یاسایەی کە زمان بەسەری چەسپاندووە، پێوەندی "زمانی شاعیر" و "پەیامی شیعر" پێوەستبوونێکی روحییە، ئەوەتە ئەدۆنیس وەها بۆچوونی دەوروژێنێت زمانی ئاسایی، زمانی روون کردنەوەیە، وەلێ زمانی شیعر، زمانی ئاماژەیە، شیعر ئەو شتانە دەڵێت کە بە زمانی ئاسایی ناگوترێت. شاعیر تەنیا ئەو کاتە دەتوانێت داهێنان بکات، کاتێ لەسەر ئایدیالیستییەکاندا، بەرامبەر لۆژێکی سانتالیزمی جاودانی وەستاو لەسەر پشتی نۆستالیژیای واقیعێکی تاڵ، "بەزمانی شیعر" واقیعێکی شیرین لە مەملەکەتی شیعرییەتدا بینا بکات، پێویستە نووسەرگەلی ئێمە بزانن زۆربەی دەقە ئەدەبییە باڵاکانی جیهان زادەی مەعریفەن و تاکو ئەو سنوورە دوورەپەرێزی ئیلهامن، پاراوبوونی زمانی نووسین و راخستنی بەرماڵی فانتازیا بەرەو روگەی حەقیقەتێکی پڕ وەهم، حەتمەن رەهەندگەلێکی لێوڕێژ لە واقیعە تاڵەکانی خورافاتێکی شیرین دەسازێنێ، ئەم سازاندنەش بەدەر نییە لە جیاوازی تیۆری میتافیزیقییەت و روحیەتی هیومانیزمی، نووسیار هەمیشە ئەوە هەڵدەبژێرێت، هەڵبژاردنی دژوار بە کۆمەڵێک بنیاتگەری فرەفۆرمالیست تێ دەپەڕێت و شەفەقی لیبراڵییەتی شەبەنگبوونی "نووسین" بەسەر کۆمەڵگەکەی پەخش دەکات. کۆمەڵگەش بەدەر نابێت لە کۆمەڵێک دەسەڵاتی نێگەتیڤ و خێڵەکی، وەلێ تاکو ئەو ئەندازەیە دژ بەیەکبوون دروست دەکات، هێڵی ئاسۆییە ساختەکانی سنوور دەبەزێنێت. نەوەک چەشنی شاعیرێکی "کۆپیکراو" لە هەوڵی لەناوچوونی سەروەریەتی شیعر و فرە بەها پیرۆزەکانی شیعر بێت، چونکە دەسەڵاتی شیعر لە تەواوی دەسەڵاتەکانی تری دنیا سەربەسترە، مومکین نییە شاعیری جوداواز و سەراسیمای سەربەستبوون عەوداڵی دوڕیانی شەڕانگێزی و ساختەکاری بێت هەم بۆ خۆی و هەم بۆ خوێنەران. ئەی ئەوە نییە دەسەڵاتی شیعربوون سەربەست دەبێت لە بەردەم حوکمی "خودی یەکەم"ی شاعیر و تاکو سنووری تێکشاندن، سەربەست دەبێت، "بیر، بۆچوون، ستایل،... هتد" ئەم خاڵەشم پێ شیاوی وەشاندنی فرە ئاماژگەلەکانی بۆچوونە، کە خۆلادان لە ناوەندی دەسەڵاتەکانی رێبازیەتی شیعر و رێزمانی، بەواتای «گەمەکردن بە وشە و بارگاویکردنی دیوی دووەمی پەیڤەکان و رەمزەکان» گەڕانەوەیە بۆ دەسەڵاتی ئەزموونگەری هۆنیار و مێژووی رووداوەکان و فەزا فرە ئاڵاکانی دەقەکە، گەلێک جار رەهەندگەلی دژە بۆچوونەکان و ئارامگەی پەیڤە بارگاویکراوی ئایدیا گومانگەرایەکانی خۆی لە نێو مەڵاش دەدەن، مومکینە لە دەسەڵاتی هۆنیار دەچێتە دەرو هۆنیار دەبێتە خاڵی گومانگەرایی و بەرهەمەکە خۆی ستایلی نادیاری خۆی و مەفهومەکانی لە دیدگا گەلێکی تر دەدۆزێتەوە، بەبێ ئەوەی هۆنیار حوکم بکات.

هەرچەندە زمانی شاعیر زمانی تاکێکە لە حەقیقەتدا، وەلێ ئەو زمانە زمانگەریشە و زۆر جار زمان بەرامبەر وروژاندن توانای نامێنێت و گوێ لە زمانی ناوەوە دەگرێت پێم وایە کەسی شاعیر رێبەری کۆمەڵگەیە و پەیامێکی روحی خوایی هەڵگرتووە، بۆیە کاتێک مرۆڤ دەگاتە نێوەندی تیۆرەکان، هەم جوداوازتر دەبێت و هەمیشە کۆمەڵگە لە دەروازەیەکی تر بۆی رادەوستێت، دەکرێت هەر شاعیرێکی راستەقینە بەپەمبەری ئەو روحییەتەی کە هەیەتی و تاکەکانی تری کۆمەڵگەکەی تێدا دەبینێتەوە، ناوزەند بکرێت، ئەی ئەوە چییە؟ کاتێک پێغەمبەری خوا، دەیەوێت پەیامە راستەقینەکەی ئاسمان بە قورەیشگەل و پیاوانی نێرسالاری بگەیەنێت، لە وەڵامدا پیاوانی قورەیش پێغەمبەر بە شاعیر ناوزەند دەکەن، مومکینە پیاوانی قورەیش پەیان بەم میتۆلۆجە نەبردبێت، کە پێغەمبەر شاعیری خوایە، ئیتر ئەگەر شاعیر بە زمانێکی ساختە بەرهەمەکانی رازاندەوە، لە روویەکەوە تیرۆریستی نووسینە و لە روویەک تیرۆرکردنی بەها ئەخلاقییەکانی مرۆدۆستی و ژیاندۆستی، جیا لەمانەش ئیرۆسی ئەدەبیەتی خۆی لە بەردەم تیۆرێک لە رەخنەکاری خاوەن جەبەرووتی جوانکاری و جوانبینیدا، مەحکوم دەکات، چۆن پەیامی شیعرییەت، ناشێت نیشاندانی دەمامکی جوانییەکان بێت، بەڵکو نیشاندانی جوانییەکانە، ئاماژەیە بۆ دیوێکی تری شتەکان کە بەچاوی ئاسایی نابینرێت، بەڵکو ئەوە چاوی خەیاڵە پەی بەو جوانییانە دەبات، ئەگەر شیعر هەڵگری پەیامی مرۆدۆستی و ژین دۆستی بێت، شاعیریش زمانحاڵی نەتەوەکەیەتی، کەچی زۆر جار شاعیر هێندە خەستی وردەکارەکانی تەکنیکی بیناگەلەی نووسین دەبێت و تاکو ئەندازەی بەزاندنی پێوەستبوون بە کارەکانی، سنووری نەتەوەکەی دەبرێت و پەی بۆ تەواوی دنیا دەبات، دەکرێت

**کەسی شاعیر رێبەری کۆمەڵگەیە و پەیامێکی روحی خوایی هەڵگرتووە**

**شاعیری جاویدانی دەزانێت: ئەگەر بمانەوێت بژین، یان دەبێ ملکەچ بین یان دەبێ بجەنگین**

ئەو کاتە بڵێین "زمان حاڵی دنیا" بەو واتایەی هۆنیاری جاویدانی، هۆنیاری ژیانە، نەوەک تەنیا ئەم ژینەی تێیدا دەژیت، ئەگەر زمانی نووسینی هەر شاعیرێک زمانی نەتەوەکەی بێت بە پلەی یەکەم، ئەوا بێگومان بە پلەی دووەم زمانی شاعیر زمانی جیهانیشە، مومکین نییە و نابێت شاعیری جاویدانی بۆ رەهەندگەلێکی دەستنیشانکراو بنووسێت، ئەو شاعیرانەی کاتێ داوی کۆلارەی خەیاڵیان دەپسێت و بۆچوونەکانیان دەوەشێنن وەها کە «شیعر تەنیا بە دڵی خۆیان دەنووسن ئەوانە شاعیرگەلی ساختەن و خاوەن چەکی نووسینێکی گوللە چرۆکن».

پەیامی شیعر هیولی هەمیشە سەرقاڵی هەڵزناندنە و ئایدیۆلۆجیایەک خەڵق دەکات، کە لە خودی شاعیر باڵاتر دەبێت، دەکرێت لەم دیدەنیگایەشەوە هەڵوەستەی بۆ بکە کە خودی شاعیریش بمرێت؟ روحییەتی بەرهەمهێنەرەکەی هەمیشە لە کەفوکوڵدا دەبێت. ئەی ئەمە هەر شیعر نییە، تەمەن باڵایی شاعیر درێژتر دەکات، لە بەرامبەر سیاسەتمەندێک. ئەم پرۆسەیە ئەوەندەی سەرقاڵ بوون بە خەیاڵە، مومکین نییە نابێت ئەوەندە سەرقاڵی حەقیقەتی ژیان بێت، پرۆسەی نووسین، پرۆسەیەکی مەعریفییە و کێشانی باکگراوندی ئایدیاگەلێکە لەسەر نەواری جوانبینی و یادەوەری مەعریفیەت. وەلێ هۆنیاری خەیاڵکار هەمیشە سەرقاڵی پیلانی شەرانگیزییە، بۆ هۆنەری باڵا، هۆنیاری باڵاش ئەوەندەی خەریکی رۆنانی پرۆسەی زمانێکی شیاوە و سەرقاڵە بە گەمە زماناوانییەکان، نیو بەقەد ئەوە سەرقاڵی خۆشنودییەکانی ژیانە، نە خەریکی پرۆسەی بەرژەوەندییەکانیەتی، هەمیشە قوربانی دەدات و نازانێت، ئاخر هەر نەزانین نییە وێستگەی یەکەمینی گومانە و دووەمینی خۆخوێندنەوە و خوێندنەوەیە سێیەمینی ئایدیا تەڕ و... هتد)، دوایەمینیش نادیارە بۆ گومان، گومانیش دورِیانی حەقیقەتی وەهمەکانە، بۆیە شاعیری جاویدانی دەزانێت: ئەگەر بمانەوێت بژین، یان دەبێ ملکەچ بین یان دەبێ بجەنگین، وەلێ جەنگی شاعیر، جەنگێکی سەختە، چۆن زۆربەی مرۆگەلی جیهان ژیان ناشاز و قێزەوەن دەکەن، نووسەرانی خەیاڵ خافڵاو بە پلەی یەکەم و سیاسەتمەدارانیش بە پلەی دوو. سەیر نییە کە زۆر جار شاعیر لەم جەنگەدا دەدۆڕێت و دواجار خۆی دەکوژێت، ئەو هیچ جەنگێکی تری نەماوە، جگە لە جەنگی خۆکوژی!

سەرچاوەی پەڕاوێز:

– وتەیەکی ئەریک فرۆمە

– سوودم لە کۆواری هاوبەشی ژمارە ١٨ی ئەیلولی ٢٠٠٨ وەرگرتووە، گۆشەی وانێک، غەمگین بۆڵی لا١٤

xemginb@yahoo.com